# تاریکی دەسەڵات و خەمی منالآن

کەمال ڕەئوف

ماوەی دوومانگ بوو لە شام لەگەڵ کوڕە هەشت ساڵەنەکەم جێگیر بووبووین کەچی هێشتا ئەو لە گرێ کوێرەی کێشەی نەبوونی کارەباو پرسیارەکانی ڕزگاری نەببوو, هەر بۆیە سات ناساتێك لێی دەیپرسیم (بابە ئەمە کارەبای حکومییە یان کارەبای موئەلیدەیە)؟, ئەگەر بمووتایە لێرە کارەبا وەك لای خۆمان نییە و هەر حکومیی هەیە, خێرا پرسیاری دووەمی ئەوەبوو بۆچی؟ ئاخر ئەو واتێگەیشتبوو کە منالآنی هەموو دنیا وەك منالآنی کوردستان دەژین و دەبێت لەبەر تاریکی شەو ودوکەڵی عەلادین و چرا ڕۆژ بکەنەوە, هەر بۆیە بوونی کارەبای هەمیشەیی بەشتێکی سەیر دەهاتە پێش چاو و دەیویست لەنهێنیەکانی نەبوونی کارەباو ئاوی کوردستان تێبگات,بەڕاستی من نە ئەوساو نەئێستاش نازانم وەلآمی ئەو بۆچییە سادەیەی ئەو بدەمەوە ئەو پرسیارە هەرچەندە بەسانایی لەسەرزاری منالێکی هەشت سالآن دەکرێت و ڕەت دەبێت بەلآم لەهەمانکاتدا گەلێك پرسیار و وەلآمی تر بەدوای خویدا دەهێنێت و دەتوانێت ئێمەی گەورەکان بخاتە ناو گێژاوی بیر کردنەوەیەکی قولەوە. من ئەوکاتە بۆخۆم کە گوێم لە دووبارەو سێ بارە بوونەوەی پرسیارەکە دەگرت ئەوکاتە هەستم دەکرد کە بوون و نەبوونی کارەبا و پێویستیەکانی تری ژیان چ کاریگەریەکی گەورەیان هەیە بەسەر بیر و بۆچوون و هەڵسوو کەوتی منداڵانەوە, ئاخر لەکوردستان ئەوە هەر گەورەکان نیین کە خەمی بوون و نەبوونی ئاو کارەباو پێویستیەکانی تری ژیان دەخەنە سەر شانیان و شەوانە خەونی پێوە دەبینن ,بەڵکە منالآنیش لە پاڵ گەورەکاندا هێشتا پێش لەوەی تامی خۆشی ژیانیان کردبێت دەبێت شەریکی خەمی گەورەکان بن و دەبێت بزانن چۆن ئاو, کارەبا, ئاردو ڕۆن ,شەکرو چا, جل و بەرگ و پێویستتیەکانی تری ژیانیان بەکار دەهێنن, ژمارەی ئەومندالآنە کەم نین کە لە بازارەڕەکان وشوێنە گشتیەکاندا وەك گەورەکان بەخەمی بژێوی خێزانەکانیانەوەن و تەمەنیشیان لەخوار تەمەنی دوانزە

سالأنەوەیە, بەڕاستی ئەوە چ دەردەسەرییەکە ئەوە چ دۆزەخێکە ئێمە بۆمنالأنی خۆمان خولقاندوە؟ مرۆڤ تالە کوردستان نەیەتە دەرەوەوە و تا لەنزیکەوە ئاشنا نەبێت بە ژیانی دەرەوەی کوردستان هێشتا بەتەواوی نازانێت و لەوەتێناگات کە ئێمەی کورد پاش لە پانزە سالّ دەسەلأتداریتی و نیمچە سەر بەخۆبوون چ پاشا گەردانیەکمان بەناوی حکومەتی کوردییەوە بۆخۆمان پێکهێناوە,تالەکوردستان نەیەتە دەرەوە و لەو ژیانە توزێك دانەبڕێت و ژیانی لاوان و مێردمنالأنی ترنەبینیت باش لەوە تێناگەیت کەئێمەی گەورەکان چ غەدرێکمان لە منالأنی خۆمان کردوە و سوریشین لەسەر بەردەم بوونی.

گرفتی گەورەی ئێمەی ئەوەیە حەزمان بەوەیە نەوەکانمان تاسەر ئێسك لەهەموو تەمەنێکا گوێڕایەلّ و گوێی لەمستبن , گوێڕایەلّ بەو مانایەیی ڕۆژانە وابکات و ئەوەبلّێ وابجولّێتەوەو وا بیر بکاتەوە کە ئێمەی گەورە حەزمان لێیەتی چنکە لە ئاکامدا ئێمەی گەورە نەك هەر مافی چاودێریکەرێك, سەرپەریشتیارێکی دیکتاتور دەبینین بەسەر منالّەکانمانەوە بگرە لەوەش زیاتر دەوری خاوەندارێکی تەواوە سەربەخۆ دەبینین بەسەر سەری منالّەکانمانەوە لەوێشەوەبەو جۆرە مامەلّە لەگەلّ مندالّەکانماندا دەکەین کە لەگەلّ هەر کەلوپەلێکی تری تایبەت بەخۆماندا دەیکەین, لەوەش زیاتر خۆ ئەگەر مندالّەکە کچ بوو ئەوا موسیبەتەکە هێندەی تر گەورەترو درێژ خایەنتر دەبێت هەر بۆیە پێم وایە زورم نەووتووە گەر بلّێم ئێمە خاوەن کلتورێکین کە تیایدا گەورە دەوری خاوەن کویلەو منالیش دەوری کویلە دەبینێت .

مرۆڤ بەتێگەیشتن لەچۆنیەتی ئەوەپەیوەندیە خێزانی و کومەلأیەتیە کەبڕبڕە پشتی کومەلّگەی لەسەر وەستاوەو تاسەر ئێسك پڕیەتی لەشکاندنەوەی کەسایەتی منالّ , ئاسانتر لەوە تێدەگات بۆ گەورەکان بەناوی ئامۆژگارییەوە مافی ئەوەیان هەیە دارکاری مندالّەکان بکەن , بۆ وەستا بۆشاگردو مامۆستا بو قوتابی پولیس بۆ منالّەکانمان و حیزب و دەسەلأت بۆ هەموان دەبنە دیکتاتۆر! من لێرەوە ئیتر ڕوداوگەلێك کەهەر ئێستا لەکوردستان ڕوودەدەن نابنە جێگەی سەر سوڕمانم کاتێك دەبینم قائمقام بەردە فڕکێ دەکات ئەگەر زانیم پولیس تەقە لەئاپۆڕەی خۆپیشاندان دەکات ئەگەر مێرد منالأنی کەمتر لەتەمەنی هەژدەسالأن لەسەر داوای ئاو کارەبا ڕاپێچی زیندان بکرێن ئەگەر حیزب هەموو داهاتی وولأت لەگیرفانی خۆی بنێ, من هەموو ئەوانە

بەروداوگەلێکی دەبینم کەلەنێو بازنەیەکدا دەخولێنەوە وتیئۆریزەو پاڵپشتەکەشی ئەوشێوازە باوکایەتیەن کە ئێمە تائێستا قبوڵمان کردوە.

ئێمە ئەمرو دەنگمان داوە بەدەسەلاتێك کەلەسەر دزینی بەلوعەی ئاو دوومنداڵی کەمتر لەتەمەنی هەژەساڵ شەش مانگ زیاتر زیندانی بکات, بەلاّم لەسەرکەمی و نەبوونی ئاوی خواردنەوە بەدرێژایی پانزەساڵ هیچ بەرپرسێك لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکرێت , ئێمە دەنگمان داوە بەدەسەلاّتێك کە لەسەر نارِەزایەتی دەربرِین بۆ نەبوونی کارەبا چەندین لاوی کەمتر لە خوار هەژدەساڵەوە بخزێنینە زیندانەوە, بەلاّم هیچ کەسێك لەنێو ئەو دەسەلاّتەخوێ بەبەرپرسیار نەزانیت لە کەمی و نەبوونی کارەبا بە درێژایی پانزەساڵ!ئەوە چ یاساو دابونەریتێکە کە ئێمەی کورد ئەمرِۆ لەبەرانبەر دەنگی تازەی لاوەکانماندا دەستمان پێوە گرتووە؟ گرتن و فەلاقە کردنی مندالاّن لەکام برِگەو جێگەی کۆمەڵگەی مەدنیدا جێگەی دەکەنەوە؟ ئەرێ بەراست کێ بەرپرسیاری سەرەکییە لەوەی کە هەر رِۆژەو چەندین کچ و ژنی ژێر ئەم دەسەلاّتە خۆی دەسوتێنی و کۆتایی بەژیانی خۆیان دێنن؟کێ گوناهبارە لەوەی دەستی پیاوان ئاوا سورو کراوەبێت بەخوێنی ژنان و کچان؟ئاخۆ دەسەلاّت لەکوێی ئەم مەهزەلە و تراژیدیایەدا وەستابێت؟ من شەرم دەکەم کاتێك کە دەزانم تا ئێستا هەندێك لەخەڵکانی رِۆشنبیر شانازی بەوەوە دەکەن کەخوشکەکەی یان کچەکەی یان هەرخزمێکی هیچ دڵخوازێکی نییە و هاورِێی کورِیان نییە, من شەرم دەکەم کە دەزانم لە سەر هەواڵی بلاّوبوونەوەی وێنە و فلیمی موبایل چەند کچ دەبنە قوربانی, ئاخر ناکرێت خەڵکانی خۆبەرِۆشنبیرزان تەلیسم و هالەی ئەو ترسە نەشکێنن کە ناکرێت کورِو کچ هیچ پەیوەندیەکیان پێکەوە هەبێت تا زەواج نەکەن,بە جورێکی تر ناکرێت قسە لە پێشکەوتن وئایندەی گەش و مافی گشتی بکەین ئەگەر هەر ئێستا مافی ژیانێکی تەندروست و گونجا بۆ نەوەکانی ئێستامان نەخەملێنین.